**به نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**به نـاوی گەلـەوە**
**ئه نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی بـڕیـار : ٣٥**
**ڕۆژی بـڕیـار : ٢٠٠٣/٤/٢٠**

# " بـڕیـار "

پشت به حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی پەنجا و شەش لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٤/٢٠) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکەم** : ئەم باری ناکاوەی کە لە کوردستانی عێراقدا بە پێی بڕیاری ژمارە (٣٤)ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٩ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق سەپێنرابوو ، لا دەبرێت ، چونکە هۆکارەکانی سەپاندنی نەمان.

**دووەم** : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**سێیەم** : پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چوارەم** : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکار و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) یشدا بلاّودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**